کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 21:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شتێک لەسەر یونی فۆرم ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی***

لەزۆر وڵاتانی دنیا هۆکاری جیاکردنەوەی خوێندکاران لەخەڵکی تر یافەرمانبەرانی فەرمانگەیەکی



دیاریکراو یاکۆمپانیایەك پێڕەو ئەکرێت، سائیتر ئەو هۆکاری جیاکردنەوەیە جل و بەرگ یاکڵاو یا ئارمی بەریەخە یاهەر شێوازێکی تر بێت، زۆرجار کۆمپانیا هەیە ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە و زۆرجاریش تیپە یاریزانەکانیش پەیڕەوی ئەو خۆجیاکردنەوەیە ئەکەن، باوەڕ ناکەم ئەمە کارێکی هەروا خۆرسك و خۆسەرو بێ هۆ بێت و بێگومانم لەوەی کەسودی زۆرەو لەکۆنیشەوە لەعێراق ئەم سیستمە هێنرایە ئاراوە، بەڵام ناسەقامگیری باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کارەی شێواند، دەنا من کە سەرەتای حەفتاکان خوێندکاری زانکۆ بووم، خۆم بیرنایەت ڕۆژێك بەبێ (زی الموحد) چووبم دەنا نەئەکرامە ژوورەوە، ئەو یەکبوونی جل و بەرگە جگە لەوەی جیاکردنەوەیە لەخەڵکانی تر سوودی تریشی زۆرە یەك لەوانە نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند لەڕووی پۆشاکەوە، بەتایبەتی ئەگەر حکومەت خۆی دابینی بکات نەك خوێندکاران خۆیان هەڵبژێرن چونکە ئەو کاتە جیاوازیەکە هەر دەرئەکەوێت بەوەی کوڕە دەوڵەمەندێك باشترین جۆری قوماشی لەو ڕەنگە داواکراوە لەبەرئەکردو کوڕە هەژارێکیش قوماشێکی هەرزان بەها، ئێمە ئەوکاتە، واتەساڵەکانی حەفتاکان هەر خۆمان قوماشمان ئەکڕی و بەدورینمان ئەدا لەبەرئەوە، ئەو جیاوازییە هەر دیاربوو، بەتایبەتی کچان زۆر هەستیان بەرامبەر ئەو حاڵەتە ناسکتربوو لەدڵیان ئەگرت و پێی پەست ئەبوون کەهەندێك لەکچان بەجۆرە قوماشێکی جوانترو چاکترو دەروونێکی کەشخەترەوە خۆیان ئەنواند، ئێمەش زۆرجار هەر بۆ سوعبەت پێمان ئەوتن دڵ لەدڵ مەدەن بەجل و بەرگ نییە بەخوا تۆ گونیەش لەبەربکەی هەر جوانی، بەهەر حاڵ من زۆرم لاباشە کەحکومەتی هەرێم بیری لەوە کردۆتەوە، هەرچەندە زۆرم لاسەیرە ئەوان هێشتا لەسەرئەوە ڕێکنەکەوتوون کەناوەکەیان بکەن بەیەك و لایەك پێیان ئەڵێ قوتابی و لاکەی تر پێیان ئەڵێ خوێندکار، کەچی لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کەجل و بەرگەکانیان یەکبخەن و کەسیشیان باش بوو بیریان نەکردەوە کەبۆینباخێکی سەوز یازەردی لەگەڵ بێت!.

بەڵام ئەشڵێم خۆزگە کەمێك لەخەرجییەکانی مەڵبەندو بارەگاکان و وەزیرەکان و پرۆژە بێ بایەخەکانیان کەم ئەکردەوەو هاوکاری خێزانە هەژارەکانیان ئەکرد بۆ ئەو جل و بەرگانە، ئاخر بەڕێزان خێزانێك ئەگەر ژنەکە و پیاوەکەش فەرمانبەربن مووچەی هەردووکیان لە400 هەزار دینار زیاد ناکات یانی 300 دۆلارو چوار خوێندکاریان هەبێت و چوار 45 دۆلاری بدەن بەئێوە بۆ جلەکانیان ئەی چی بۆ خەرج کردنی ئەوە مانگەو کرێ خانووی ئەو مانگەو پارەی ئاوو کارەبای ئەو مانگەو پارەی پاسی خۆیان چوار خوێندکارەکەیان ئەمێنێتەوە، باشە هەر لەدەستتان نابێتەوە بۆیان بکرن بابۆ هەموو خوێندکاران بە (قست) بێت و ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتەوە وەك (سلفە) بدرێت تا مانگانە مانگی شتێك لەمووچەکەیان لابدەن و بیدەنەوە بەحکومەت خۆ ئەم جۆرە سلفەیە لەهەموو دنیادا هەیە.

*سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.